(دەرسی سی و حەوت)



# هەڵپەڕکێ

کچەکان وەرن!...
وەرن شایی و هەڵپەڕکێمانە!
هەڵاڵە وەرە ! گوڵاڵە وەرە ! فەرەنتی وەرە ! سۆیبە وەرە !
هەنار وەرە ! گەزیزە وەرە ! بەیان وەرە ! شیلان وەرە !
سێوێ وەرە ! شەمێ وەرە !
کچینە وەرن ! وەرنە داوەتێ !
گەورە کچەکان وەرن!...
وەرن شایی و هەڵپەڕکێی ئێمە بێ ئێوە سارد و سڕە !
وەرن گەورە کچەکان!...
وەرن دنیاکەی ئێمە بێ ئێوە چۆڵ و قاقڕە !